# لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی کڕنوش بۆ گۆڕەکەی ئیمام خومەینی دەبەن

**ڕەخنە**

**ئاسۆ بیارەیی**
2009/6/1 سوێد

**لە کاتێکدا کە ڕژێمی عەلیپەرستی داگیرکەری ئێران بەدەها لاوی کورد و ئازادیخوازان ئێران لە سێدارە دەدات، لە کاتێکدا کە سوپای پاشکەوتووی ئەو وڵاتە بەردەوام باشووری کوردستان بۆردومان دەکات و بە کردەوە تیرۆریستیەکانی گەلی کورد دەتۆقێنێت، ژنان و کچان زیندە بەچاڵ دەکات، سەرکردەکانی بەناو لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی، سەردانی گۆڕی ئیمام خومەینی دەکەن و فاتحەی بەهەشتی زەهرای بۆ دەخوێنن. خوزگە لەگەڵ ئەوشدا بۆ جارێک لە جاران هەرهیچ نەبێت ڕەخنەیان لە دڕندەیی ئەو عەلیپەرستانە دەگرد.**

**فرمێسک ڕشتن بۆ سەرکردەیەکی کوردکوژ و پاشکەتوو پێش ئەوەی نەنگی بێت بۆ خودی ئەو سەرکردانە، سووکایەتیکردنە بە گەلی کورد و قوربانیەکانی کە بەشێک لە نیشتمانەکەی بەدەستی ئەو عەلیپەرستانە داگیرکراوە. خوزگە ئەو سەرکردانە و هەموو سەرکردەیەکی کورد کە کڕنووش بۆ مردووەکانی داگیرکەران دەبات، پێش ئەوە قوربانیەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و هەموو منداڵە هەتیوەکانیان بهاتایە بەرچاو، خوزگە کەمێک بەوێژدان دەبوون و بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەیان هەوڵیان بدایە..**

**هیوادارم خەڵکی بەئەمەکی کورد پێش ئەوەی دەنگتان بۆ بدەن، کەمێک مێژوو و بەرنامەتان بخوێنێتەوە تابزانن چیتان کردووەوە چی دەکەن بۆ داهاتوو! هیوادارم خەڵک کوێرانە دەنگتان بۆ نەدات!**

http://www.kurdiu.org/hawal/?pageid=5347

**دەقی هەواڵەکە:**

287 جار خوێندراوەتەوە

2009

**سایتی یەکگرتوو / سەرکردەی چوار حزبە کوردستانیەکە سەردانی ئێران دەکەن**

پەیامنێری سایتی یەکگرتوو / سلێمانی
هەریەکە لە مامۆستا سەمیر سەلیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و فەتاح زاخۆیی کارگێری مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بەسایتی یەکگرتوویان ڕاگەیاند سەر لە بەیانی ئەمرۆ سەرکردەی چوار حزبە کوردستانیەکە سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان کرد بە مەبەستی بەشداری کردن لە یادی کۆچی دوایی ئیمام خومەینی رابەری شۆرشی کۆماری ئیسلامی ئێران..
ئەو سەرچاوانە ئەوەیشیان بۆ سایتی یەکگرتوو رون کردەوە کە لە ئەجیندای سەردانەکەی سەرکردەی چوارحزبەکەدا ، کۆبونەوە لە غەیری بەشداری کردن لەم مەراسیمەدا نیە

